# چالاکی ئابووریی/ کۆمەڵایەتیی وەك پێشمەرجی گۆڕان و شۆڕشی کۆمەڵایەتی

هەژێن

٢٣ی جولای ٢٠١٤

بەشی یەکەم :

" گۆڕینەوە و بەخشین لە جیاتی فڕێدان و کڕین "

فیلۆسۆفیی بیرۆکەکە :

هاریکاریی کۆمەڵایەتی، خۆکۆمەکیی/ کۆمەکی خۆبەخشانە، ژینگەپارێزیی و پاراستنی کەرەستەخاوەکان و سامانە سروشتییەکان بۆ نەوەکانی داهاتووی مرۆڤایەتی، دروستکردنی قەیرانی کەڵەکەبوونی کاڵا و کەمی قازانج بۆ سەرمایەداران ...تد

وەك دەرکەوتووە یەکێك لە نەخۆشییە هاوچەرخەکان، نەخۆشی کڕینی ناپێویست و چاولێکەرییە، کە کاناڵەکانی میدیای بازرگانی و دەسەڵات گەورەترین ڕۆڵیان لە هاندانی بەکاربەری نادەربەستدا هەیە.

ئەگەر بەوردی سەرنجبدەین بازار لە ڕێگەی ڕیکلام و هاندان بەهۆی زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان و فیلمەکانەوە لە وڵاتانی ئەوروپی وەك هەر وڵاتانێکی دیکە دوو جۆر بەکاربەری پەروەردەکردووە: بەکاربەری چاولێکەر لە بەرامبەر بەکاربەری هوشیار، بەکاربەری هەژار لە بەرامبەر بەکاربەری دەوڵەتمەند، ئەم دیاردەیە هەم بووەتە مایەی قازانج و فرۆشی زیاتر و هەم مایەی قەیرانی کەڵەکەبوونی کاڵا و بەرزبوونەوەی نرخ... تد بۆ ئەو مەبەستە پێکهاتەکانی سیستەمی سەرمایەداری و نیوەندە جیهانییەکانی کارێکی زۆریان لەسەر چارەسەری قەیرانەکان یا گواستنەوەیان بۆ شوێنی دیکە و لە کۆڵکردنەوە یا ئارامکردنەوەیان کردووە.

یەکێك لەو چارەسەرانە گواستنەوەی سەرمایەگوزارییە بۆ وڵاتانێك کە کرێی کار هەرزانە و لەو ڕێگەیەوە کاڵای هەرزان بۆ کڕیارانی هەژار لە وڵاتانێك کە بێکاران و کەمدەرامەتان توانای کڕینیان نەماوە، بە کوالیتی خراپ بەرهەمدەهێنرێت، نموونە بەرهەمی چنین و دوورینی کرێکارانی بەنگلادیش و بازارە هەرزانەکانی ئەوروپا، کە ئاساییش بۆ سیستەم و دەوڵەت مسۆگەردەکەن و هەڵچوون و بیرکردنەوەی هەژاران لە چارەسەری یەکجارەکی خاو و ئاوەژوودەکەنەوە.

وەها هاوکێشەیەك لە وڵاتانی ئەوروپا و تەنانەت لە وڵاتانی نەوتداری وەك عیراق، کڕیاری چاولێکەر و تووشبوو بە نەخۆشی کڕین بەرهەمدەهێنێت، وەها بازنەیەك لە کەمی کرێی کڕیکاران و نەخۆشی چاولێکەریی کڕیاران تەواودەبێت و خولی سووڕانەوەی بۆ کەڵەکردنی قازانج بۆ سەرمایەداران [خاوەنکاران و بازرگانان/ فرۆشەران] بەرهەمدێتەوە.

کاتێك ئێمە بەکاربەری ناچار و ئاسایی، کە توانای کڕینمان لە خوارەوە و هاوکاتیش لەژێر فشاری پێداویستی و وەڵامدانەوە بە ئەندامانی خێزانین، بەتایبەت منداڵان، چۆن دەتوانین خۆمان لە کایەکردن و بەشداری ئەو بازنەیە لادەین و ڕزگاربکەین؟

ئەمە پرسیارێکی هەر ڕۆژەیە لەبەردەم هەموو تاکێکی خۆهوشیار و چالاکدا قوتدەبێتەوە و بەردەوامبوونەوەی زۆر کەسی چالاکی ژینگەپارێز، ئاژەڵدۆست، پشتیوانی مافی کرێکارانی وڵاتانی بەرهەمهێنی بۆ بیرکردنەوە لە چارەسەر و ئەڵتەرناتیف هانداوە و لەو بارەوە

زۆر شێوازی جۆراوجۆر سەریانهەڵداوە، لەوانە بایکۆتی کڕین لەو بازارانە، کڕین لە کۆنەفرۆشی و هەروەها تازەترین شێواز چالاکی "گۆڕینەوە و بەخشین لە جیاتی فرێدان و کڕین "ە.

پێشینەی ئەم بیرۆکەیە لە دونیادا کۆنە و هەمیشە لە نێوەندی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە، ئەویش بەخشینە لە جیاتی فرێدان بە کەسانی دەوروبەر، هەروەها بیرۆکەی گۆڕینەوە کە جاران بە زۆری لە نێوەندی خوێنداکاندا باوبوو. پێشتر وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین مەیدانی ئەم بیرۆکانە بوون، بەڵام لە ئێستادا بەداخەوە تاکی هەرێمی ئێمە تەنیا تاکێکی بەکاربەری چاولێکەر و ژینگە وێرانکەرە، هەروەها لە ئەوروپا و ئەمەریکا و ئوستراليا و خۆرهەڵاتی ئاسیا، بەخشەر هیچ پەیوەندییەکی بە کەسی پێبەخشراوە نەماوە و نێوەندە بەناو چاکەخوازە کەنیسەییەکان بەو کارە هەڵدەستن، ئەوەش دەبێتە هۆکاری دوو شتی دیکەی نیگەتیڤ :

- فرۆشتنی بەشی باشی بەخشراوەکان بۆ خەرجی بیرۆکراسیی و سەرمایەی نێوەندەکانی خۆیان ..

- بەکاربردنی کۆکردنەوەی ئەو بەخشینە بۆ ئامانجی مەزهەبیی و هاندانی خەڵك بۆ پەیڕەوی مەزهەبی نێوەندەکە ..

ئەی چارەسەر ؟

بیرۆکەی " گۆڕینەوە و بەخشین لە جیاتی فرێدان و کڕین "

شێوەی کارەکە و شێوازەکانی جێبەجێکردنی:

- پێکهێنانی ڕەفەی/ بانکی گۆڕینەوە و بەخشین لە گەڕەك و گوند و شوێنەکانی کار و خوێندندا ... بۆ نموونە لە باڵاخانەکاندا کە هەژمارێکی زۆر خێزانیان تێدا دەژی، .مکرێت لە ڕاڕەوی سەرەکیدا ڕەفەیەك بەدیوارەوە هەبێت، بۆ ئەوەی هەر کەس شتێکی زیادە و ناپێویستی هەیە بە نەناسراوی لەوێدا دایبنێت و ئەوی .میهەوێت و پێویستییەتی دەتوانێت بیبات. ئەم جۆرەیان .متوانرێت لە هەموو شوێنە گشتییەکانی وەك دایەنگە و باخچەی .ندااڵن و فێرگە و دانشگە و پەرتووکخانە و پەرستگەکاندا .روستبکرێت و پێویستی بە سەرپەرشتیکار و نێوەنجیکار و ناسینی بەخشەر و وەرگر نییە.

- پێکهێنانی گرووپی دەستپێشخەر بۆ کۆمەڵایەتیبوونەوەی بیرۆکەکە، شوێنی چالاکییەکەش گەڕەکەکان و فێرگەکان و باخچە گشتییەکان و مەیدان و شەقامەکانن. چەند کەسێك بە پۆشینی کراس/ T-Shirtی تایبەت کە لە شتەوەی یا لە پێشەوەی ئەمە نووسرابێت " گۆڕینەوە و بەخشین لە جیاتی فرێدان و کڕین "، هەر یەکە لەو چالاکانە هەرچی شتی زیادەی خۆی هەیە دەیکاتە کۆڵەپشتەکەی خۆی و لە شوێنی چالاکییەکەدا بە دانانی شتەکان بەگوێرەی جۆر یا هەڵواسینیان بە تەناف لەنێوان درەختان و بەدیوارانەوە. هەر کەس چ چالاکان و چ ڕێبواران هەر شتێکیان پێویستە دەیبات و بەخۆیشی هەرچی هەیە دایدەنێت. هاوکات لێدوان و زانیارییگۆڕینەوە لەبارەی فیلۆسۆفیی بیرۆکەکەوە دروستدەبێت و دەتوانێت سەکۆیەك بێت بۆ پەرەسەندی خۆهوشیاریی کۆمەڵایەتی بەخشەر و پێبەخشراو و ڕێبواران ...

- گۆڕینەوە و بەخشین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕاستەوخۆ لەنێوان بەخشەر و وەرگردا، بەدانانی شمەکی زیادە و بەخشراو لە شوێنێك کە پێشتر بەخۆیان لەسەری ڕێککەوتوون. بۆ نموونە لە وێستگەکانی پاس و شەمەندەفەر و پەرتووکخانە و چایخانە و باخچە گشتییەکاندا، بەبێ ئەوەی بەخشەر و پێبەخشراو یەکدی ببینن یا چاودێریی یەکدی بکەن ...

- پێکهێنانی بازنەکانی گۆڕینەوە، ئەم شێوازە پشت بە بنەماکانی پەیوەندی ئەندامانی ئەو بازنە خۆجێییانەی گۆڕینەوە دەبەستێت، لەوانە ئەدرسی پۆستی، ژمارە تەلەفۆن. ئیمەیل ئادرەس. هەروەها .مکرێت لە شێوەی گرووپی داخراو یا کراوەی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پێکبهێنرێت، لە هەر دوو شێوەکەدا بەخشین و داواکارییەکان دەخرێنە ڕوو، بەڵام گۆڕینەوە و بەخشینەکە تەنیا لە شمەکدا بەرتەسکنابێتەوە، بەڵکو گۆڕینەوەی کار و هاریکاری ئەوەی کە جاران لەنێو باخەکان و کێڵگەکانی کوردستاندا بە "دەسەوام و کاسەهامسایی" ناسراوبوو و زۆر جار لە شێوەی گەلکاریشدا بەرجەستەدەبوو، بۆ نموونە من ماڵ دەگوێزمەوە و پێویستم بە چەند کەسێکە بۆ بارکردن و داگرتن، یا باخچەیەکەم ڕێکدەخەم یا خانوو دروستدەکەم و تۆش بەجۆرێکی دیکە ... تد

- یانە کۆمەڵایەتییەکانی زانیاریی گۆڕینەوە، لەم یانانەدا ئەتوانرێت خۆکۆمەکیی [کۆمەککردن و کۆمەکوەرگرتن لە کەسانی خۆبەخش] بۆ خوێندکاران، پەککوتان، ژنانی تەنیا بەخێوکەر، پیاوانی تەنیا بەخێوکەر، پیران و ئاوارەکان و بێکاران و نەخۆشان و لانەوازان ..تد، بۆ نموونە من لە ماتماتیکدا زیرەکم و تۆ لە ڕێزمان و زمانی بیانیدا، من لە بۆیاخکردنی دیوار و تۆ لە چاککردنەوەی کۆمپیوتەردا، من گاڵتە و گەپ و تۆ لە هاریکاری پیراندا و ئەو لە کایە و ڕاهێنانی منداڵاندا و دەستگیرۆیی نابینایان و بێسەرپەرشتاندا ...

- بێجگە لە گۆڕینەوە و بەخشین، دەتوانرێت کۆمەڵی/ گروپی کاتیی و هەمیشەیی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەکی کۆمەڵایەتی بۆ باخچەی ساوایان و فێرگە و نەخۆشخانە و پاککردنەوەی کۆڵان و باخچەکان و ...تد پێکبهێرین و لە کاتی ڕووداوە سروستییەکاندا یا جەنگە سەربازیی و کارەساتە ڕامیارییەکاندا، ئەو کۆمەڵانە کۆمەکەکان بە لێقەوماوان بگەیێنن. بۆ نموونە هاودەمی کارەساتە سروشتییەکەی فلیپین گروپێکی کۆمەڵایەتی خۆبەخش کاری چارچکردنەوەی [شەحنکردنی] مۆبایلفۆنی لێقەوماوان بوو بۆ ئاسانکاریی پەیوەندی بە دونیای دەرەوەی شوێنی کارەساتەکە و دروستکردنی وزەی خۆریی یا وزەی مۆتۆریی بوو بە بایسکیل و مۆتۆری مەکینەی جلشتن و دابینکردنی یەك گڵۆپ/لامپا بۆ هەر ماڵێك و دابینکردنی شیر بۆساوان و بێسەرپەرشتان و کردنەوەی فێرگەی گەڕۆك بۆ ندالان ..تد ئەمانە و چەندین شێوازی دیکە کە هێشتا پێداویستییەکانی ژیان ئێمەی ناچار بە بیرکردنەوە لەبارەیانەوە نەکردووە .

بەم جۆرە دەتوانین تاڕادەیەك سەربەخۆیی ئابووریی بەدەستبهێنین و لە دەرەوەی وابەستەیی بازار وقازانج و چاوچنۆکی سەرمایەداران و ڕامیاران، لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییە ناقووچکەییەکاندا خۆمان ڕێکبخەین و ئەزموونی خۆڕێکخستنی ئاسۆیی و ناپێویستی سیستەمی سەروەریی بخەینەڕوو و بسەلمێنن.